DTM
IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

# ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٢٢

ئایار- تەمموز ٢٠٢١

تێبینی: لەدەستپێکی ئەم خولەدا، چەند گۆڕانکارییەک بەسەر زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە داهات، کە ئەم زاراوانە لە تەواوی کارە نوێییەکان ڕەنگدەدەنەوە. دەتوانن وردەکارییەکانی تەوەری ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکە لە کۆتا بەشی ڕاپۆرتەکە ببینن. تکایە ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە بن کاتێک بەراورد لە نێوان جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە دەکەن لە ڕاپۆرتی ئەم خولە (١٢٢) و ڕاپۆرتەکانی خولەکانی پێشووتر.

## دیارخراوەکان




شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوە بە تێپەڕبوونی کات

هەروەها لەماوەی مانگی ئایار تا تەمموزی ٢٠٢١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) دەستنیشانی ١,١٩١,٤٧٠ ئاوارەی کرد بە کۆی گشتی، کە ٢٠٤,٦٥٣ خێزان بوون، لە سەرانسەری ١٨ پارێزگای عێراق دا، لە ١٠٥ قەزا، لە ٢٨٥٥ شوێن. ئەمەش تێکڕای نزمبوونەوەی ئاوارەکان بۆ ٧٤٧٠ ئاوارە نیشاندەدات لەوەتەی مانگی ئازار و نیسانی ساڵی ٢٠٢١ەوە. ئەم نزمبوونەوەیەش زۆر گەورەترە لەوەی کە لە ماوەی نێوان مانگی ئازار و نیسانی و مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ساڵی ٢٠٢١ تۆمارکرا کە (٦٨٢٧) بوو. دیسانەوە، دەکرێت ئەمە بەهۆی درێژی ماوەی ئەم ڕاپۆرتەی ئێستا بێت. سەبارەت بە ناوچەی زێدی ئاوارەکان، هاوتەریب و هاوشێوەی خولی پێشوو، لەسەدا ٥٦ ژمارەی حاڵەتەکانی ئاوارەکانی ئێستا هی پارێزگای نەینەوان بە (٦٧٢,٦٥٥) کەس، بەتایبەتی لە قەزای ناوەندی موسڵ (٢٤٧,٩٠٧ کەس)، شنگال (١٩٥,٤٠٨ کەس) و بەعاج بە (٩٢,٤٤٩ کەس). بەرزترین ڕادەکانی دیکەی ئاوەرەکان بەر پارێزگای سەڵاح الدین دەکەوێت بە (١٣٩,٠٨٢ کەس) کە دەکاتە لە ١٢٪ ی ئاوارەکان لە کۆی گشتی، ئینجا بەر پارێزگاکانی ئەنبار بە (١٣٤,٧٣٤ کەس) کە دەکاتە لە ١١٪ ی ئاوارەکان، پارێزگای کەرکووک بە (٧٦,٧٣٢ کەس) کە دەکاتە ٦٪ ی ئاوارەکان و پارێزگای دیالە بە (٧٢,١٦٣ کەس) کە دەکاتە ٦٪ی ئاوارەکان دەکەوێت.

کۆکردنەوەی داتا بۆ ڕاپۆرتی سەرەکی خولی ١٢٢ لەماوەی نێوان مانگەکانی ئایار تا ٣١ ی تەمموز ئەنجامدرا. تا ئەم ڕێککەوتە تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ٤,٨٨٨,٦١٢ گەڕاوەی دەستنیشانکرد، کە (٨١٤,١٠٢) خێزان بوون بەسەر ٨ پارێزگای عێراق دا دابەشببون، کە دەکاتە ٣٨ قەزا و ٢،١٦٢ شوێن لە عێراق دا. بەکۆی گشتی، ١٧,٥٦٢ گەڕاوەی نوێ تۆمارکران لە نێوان مانگی ئایار بۆ تەمموزی ٢٠٢١. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەم ژمارەیە لە ژمارەی خولی ڕاپۆرتی پێشووتر بەرزترە کە لە مانگەکانی ئازار و نیسانی هەمان ساڵ بوو تیایدا ١٥,٢٣٤ گەڕاوەی نوێ تۆمارکرابوون. بەرزی ژمارەی گەڕاوە نوێییەکان لەم ڕاپۆرتەدا بەشێکی بۆ درێژی ماوی کۆکردنەوەی داتای ئەم ڕاپۆرتە دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکێک لەم ڕاپۆرتانە دادەنرێت کە کەمترین گەڕانەوەی نوێی تێدا تۆمارکرابێت لەوەتەی ساڵی ٢٠١٥ەوە. کەمی ئەم ڕێژەیەی گەڕانەوەش لە مانگی ئایار بۆ تەمموزی ٢٠٢١ لەوانەیە بە دۆخی ئەمنی و کەمبوونەوەی جموجۆڵ و هاتووچۆ لەماوەی مانگی ڕەمەزان و جەژنی ڕەمەزان ببەسترێتەوە، کە کەوتە نێوان مانگی نیسان و ئایاری ٢٠٢١. سەرەڕای ئەمەش، لەوانەیە ئەم ڕێژە نزمەی گەڕانەوە بەهۆی وشکە ساڵییەوە بێت لە ناوچە لادێییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا، کە وادەکات ئاوارەکان نەتوانن بگەڕێنەوە بەهۆی مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی کەم ئاوی، بەتایبەتی ئەو ئاوارانەی کە هی پارێزگای نەینەوان، لە قەزایەکانی هەترە و بەعاج. ئەو پارێزگایانەی کە زۆرترین گەڕانەوەیان هەبووە لە نێوان مانگی ئایار بۆ تەمموزی ٢٠٢١ نەینەوا کە ٨٩٤٦ گەڕاوەی نوێ تۆمارکرا، سەڵاح الدین کە ٤١٩٤ گەڕاوەی نوێ، ئەنبار ١٦٦٢ گەڕاوەی نوێ، دیالە ١٦١٤ گەڕاوەی نوێ و کەرکووک ٩٣٦ گەڕاوەی نوێ تۆمارکران.

## النازحون

١,١٩١,٤٧٠
کەس

٢٠٤,٦٥٣
خێزان

١٨
پارێزگا

١٠٥
ناوچە

٢,٨٥٥
شوێن

## العائدون

٤,٨٨٤,٦١٢
کەس

٨١٤,١٠٢
خێزان

٨
پارێزگا

٣٨
ناوچە

٢,١٦٢
شوێن

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

ئەم گرافیکەی خوارەوە ئەمانە نیشاندەدات (١) ژمارەی ئاوارەکان لە هەموو پارێزگاکانی ئاوارەبوون, (٢) ژمارەی ئاوارەکان لە هەر ناوچەیەک و قەزایەک, (٣) ڕێژەی ئاوارەکان بە پێی پارێزگای زێدی خۆیان بۆ هەر یەکێک لەو پارێزگایانەی ئاوارەبوونی تێدایە.

## نەینەوا

٢٥٧,٥٨٩ ئاوارە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر پارێزگاکانی هەولێر، سەلاحەددین، کەرکووک و بەغدا دەگرێتەوە

## دهۆک

٢٥٠,٤٣٧ ئاوارە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، ئەنبار و کەرکووک و بەغداد دەگرێتەوە

## هەولێر

٢٣١,٩٧٦ ئاوارە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر، کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## سلێمانی

١٣٨,٠٥٨ ئاوارە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەینەوا، بابل و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەرکووك

٩٠,٤٨٦ ئاوارە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، ئەنبار، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## سەلاحەددین

٥٨,٧٥٢ ئاوارە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، نەینەوا وئەنبار دەگرێتەوە

## دیالە

٤٤,٤١٧ ئاوارە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، بەغداد و کەرکووک دەگرێتەوە

## ئەنبار

٣٤,٧١١ ئاوارە

◄ سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




◄ پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، بەغداد، نەینەواو و کەرکووک دەگرێتەوە

## بەغداد

٢٦,٨٥١ ئاوارە

**سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

- کەرخ ٧,٢٣٦
- ئەبوغرێب ٥,٣١٦
- مەحمودیە ٥,٠٨٨

**پارێزگای ڕەسەن**

- ٪٤٤ ئەنبار
- ٪٢٦ بابل
- ٪١٨ نەینەوا
- ٪١٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، بەغداد و کەرکووک دەگرێتەوە

## بابل

١٦,٩٤٤ ئاوارە

**سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

- موسەیب ١٥,٠٤٨
- حلە ١,٣٨١
- ئەلمحاویل ٢٨٢

**پارێزگای ڕەسەن**

- ٪٨٨ بابل
- ٪٩ نەینەوا
- ٪٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد،دیالە، سەلاحەددین و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەربەلا

١١,٧٥٤ ئاوارە

**سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

- کەربەلا ١٠,٦٦٨
- حیندانیە ٩٤٨
- عەین تەمور ١٣٨

**پارێزگای ڕەسەن**

- ٪٨٥ نەینەوا
- ٪١٠ بابل
- ٪٥ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین و بەغداد دەگرێتەوە

## نەجەف

٩,٣٢٤ ئاوارە

**سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

- نەجەف ٧,٢٥٤
- کۆفە ١,٩٦٢
- مەناسیرە ١٠٨

**پارێزگای ڕەسەن**

- ٪٩٩ نەینەوا
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## واست

٥,٧٠٦ ئاوارە

**سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

- کووت ٢,٣٧٦
- عەزیزیە ١,٢٧٢
- نەعمانیە ١,١٧٠

**پارێزگای ڕەسەن**

- ٪٣٥ سەلاحەددین
- ٪٢٨ نینەوا
- ٪١٩ ئەنبار
- ٪١٠ کەرکووک
- ٪٨ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## بەسرە

٤,٦٥٠ ئاوارە

**سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

- بەسرا ٣,٠٥٤
- زوبەیر ٤٧٤
- خەسیب ٣٥٤

**پارێزگای ڕەسەن**

- ٪٨٠ نەینەوا
- ٪٩ کەرکووک
- ٪١١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## قادسیە

٣,٦٧٢ ئاوارە

**سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

- دیوانیە ٢,٢٩٢
- ئافاق ٨١٦
- شامیە ٣٩١

**پارێزگای ڕەسەن**

- ٪٦٣ نەینەوا
- ٪٣٣ کەرکووک
- ٪٤ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد و سەلاحەددین دەگرێتەوە

## زیقاڕ

٣,٢٢٢ ئاوارە

**سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

- ناسریە ١,٨١٨
- ڕیفاعی ٧٣٨
- سوق شیوخ ٤٩٢

**پارێزگای ڕەسەن**

- ٪٥٥ نەینەوا
- ٪١٨ ئەنبار
- ٪١٧ کەرکووک
- ٪١٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، سەلاحەددین، دیالە،کەرکووک و بابل دەگرێتەوە

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

## میسان

٢,٠٠٤ ئاوارە




ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## موسەننا

٩١٢ ئاوارە




ئەوانی تر: سەلاحەددین و کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## ڕەوشی ئێستای ئاوارەکان

تێکڕای شێوە و فیگەرەکانی ئاوارەکان: لەماوەی مانگی ئایار و مانگی تەمموزی ٢٠٢١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ١,١٩١,٤٧٠ ئاوارەی دەستنیشانکرد، کە دەکاتە ٢٠٤,٦٥٣ خێزان، لەسەرانسەری ١٨ پارێزگای عێرق دا، لە ١٠٥ قەزا و ٢,٨٥٥ شوێنی وڵات. ئەمەش نزمبوونەی ٧,٤٧٠ ئاوارە نیشاندەدات لەو ژمارەیەی کە لەماوەی مانگەکانی ئازار و نیسانی ساڵی ٢٠٢١ هەژمارکرابوو و تۆمارکرابوو. تا ئێستاش، دیارترین نزمبوونەوە لە پارێزگای دهۆک بووە بە (-٤,٩٩) کە دەکاتە لە ٪-٢، دوای ئەویش لە پارێزگای سەڵاح الدین بووە بە (-٢,٥٠٨) کەدەکاتە ٪-٤، پاشانیش لە پارێزگای نەجەفە بە (-١,١٥٢) کە دەکاتە ٪-١١. بەپێچەوانەشەوە، بەرزبوونەوە لە ژمارەی ئاوارەکان تۆمارکراوە لەم سێ پارێزگایەدا: سلێمانی بە (١,٥٣٦) کە دەکاتە لە ٪١، بەغدا بە (٩١٣) کە دەکاتە لە ٪٤ و نەینەوا بە (٥١٨) کەدەکاتە لە ٪٠.

ڕەوتی تازەی ئاوارەبوون: سەرەڕای نزمبوونەوەیەکی گشتی لە کۆی گشتی حاڵەتەکانی ئاوارەبوون لەسەرانسەری وڵات، ١٠,٨٠٠ کەسی دیکە ئاوارەبوون لە ناوچەی هەڵسەنگێندراوی ماوەی نێوان مانگی ئایار تاوەکو مانگی تەمموزی ٢٠٢١. زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئاوارە تازانە لە شوێنەکانی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتوون کە (٧,٣٣٩) کەسن و دەکاتە لە ٪٦٨ ی ئاوارە تازەکان. ئەمەش بەرزبوونەوەیەک لە ئاوارەبوون بۆجاری دووەم نیشاندەدات بە بەراورد بەو ژمارەیەی لە ماوەی مانگی ئازار و نیسانی ٢٠٢١ تۆمارکرابوو کە (٦,٤٦٣) کەس بوو. بەرزترین ژمارەکانی ئاوارەبوونی دووەمی لەم پارێزگایانە تۆمارکران: سلێمانی بە (١,٣٤٤) کەس، نەینەوا بە (١,١٢٨) کەس، بەغدا بە (١,٢٤٢) کەس و دهۆک بە (٩١٠) کەس.

هەروەها، لەماوەی مانگی ئایار تا تەمموزی ٢٠٢١ دا، ١,٢٨٤ کەس وەکو ئاوارەبوون بۆ یەکەم جار تۆمارکران کە شوێنی زێدی خۆیان جێهێشتبوو، بەنزیکەی هەمووشیان هاتبوونە پارێزگای سلێمانی کە (١,١٨٢) کەس بوون. لەوکاتەی ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو ئاوارانە هاتبوونە هەولێر کە (٧٨) کەس بوون، بۆ پارێزگای دیالەش (١٨) کەس بوون. ئەو ئاوارانەش زۆربەیان هی پارێزگاکانی بەغدا (٥٧٠) کەس ، دیالە (٢١٦) کەس، ئەنبار (١٨٠) کەس، سەڵاح الدین (١٦٨) کەس و نەینەوا (١٠٢) کەس بوون. لەپاڵ ئەمانەشدا بە کۆی گشتی ٢,١٧٧ ئاوارە لەگەڕانەوە بۆ پارێزگای زێدی خۆیان شکستیان هێنابوو و ناچاربوون جارێکی دیکە ئاوارە ببنەوە.

ناوچەکانی زێدی ئاوارەکان: لە ٪٥٦ی حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارەبوون هی پاڕێزگای نەینەوان بە (٦٧٢,٦٥٥) کەسن بەتایبەتی هی ناوەندی شاری موسڵ بە (٢٤٧,٩٠٧) کەس، قەزایەکانی شنگال و بەعاج هەریەکەیان بە (١٩٥,٤٠٨) و (٩٢,٤٤٩) کەس. دووەم و سێیەم گەورەترین ڕێژەی ئاوارەکانیش هی پارێزگاکانی سەڵاح الدین بە (١٣٩,٠٨٢) کەس، ئەنبارن بە (١٣٤,٧٣٤) کەس. بەرزترین قەزایەکانی زێدیش لە پارێزگای سەڵاح الدین بریتین لە توزخورماتوو بە (٣٥,٦٠٧) کەس، بەلەد بە (٢٨,٧٣٤) کەس و بێجی بە (٢٦,٤٩٨) کەس. لەوکاتەی بەرزترین قەزایەکانی زێد لە پارێزگای ئەنبار بریتین لە قەزای ڕومادی بە (٦٢,٧٤٠) کەس، قەزای فەلوجە بە (٤٥,٣٠٥) کەس، قەزای قائیم بە (٩,٤٩١) کەس و قەزای ڕوتبە بە (٥,٤٠٩) کەس.

جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە: لەسەرانسەری وڵات، لە ٪٧٦ی ئاوارەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت دەژین کە (٩٠٦,٠٩٦) کەسن، لە ٪١٥ شیان لە کامپەکان دەژین کە (١٨٢,٢٤٠) کەسن، هەروەها لە ٪٩ شیان لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپدان کە (١٠٢,٣٧٢) کەسن. نزمبوونەوەیەک لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی لە کامپەکان دەژین تۆمارکرا لەم خولەدا کە (-١,٤٤٠) کەسە. دیارترین نزمبوونەوەش لەم پارێزگایانە بووە: پارێزگای دهۆک (-٨٦٥) کەس، پارێزگای نەینەوا (-٢٨٠)، پارێزگای بەغدا (-٢١٥) و پارێزگای سلێمانی (-١٥٠) کەس. لەم خولەدا، کۆی گشتی نزمبوونەوەی ژمارەی ئەو ئاوارانەی لەکامپەکان دەژین بریتی بوو لە (-١,٤٤٠) کەس، کە ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەو نزمبوونەوانەی کە لە سێ خولی پێشوودا تۆمارکرابوون بەم شێوەی خوارەوە: لە ماوەی مانگی ئازار و نیسانی ٢٠٢١ (-٣,٨٧٥) کەس، مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٢١ (-١٧,٧٩٥) کەس و مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بە (-٤٧,٤٠٠) کەس. دەکرێت هۆی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزی ژمارەی ئەو ئاوارانە کە لە کامپەکانن لە خولەکانی پێشوو تۆمارکرابوون بدرێتە پاڵ ئەوەی کە لەم جەولانەی پێشووتردا ژمارەیەک کامپ داخران و ژمارەیەکیشیان یەکخران لە ماوەی نێوان مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١. لە ماوەی نێوان مانگی ئایار و تەمموزی ٢٠٢١ دا، لەسەر ئاستی قەزا، دیارترین نزمبوونەوە لە ژمارەی ئاوارەکانی دانیشتووی کامپەکان لە قەزای سێمێل بوو بە (-٦٤٥) کەس لە پارێزگای دهۆک، ئینجا لە قەزای ناوەندی موسڵ بە (-٦١٥) کەس لە پارێزگای نەینەوا. سەرەڕای نزمبوونەوەیەکی گشتی و پوخت لە ژمارەی ئاوارەکانی دانیشتووی کامپەکان لەم خولەدا، بەرزبوونەوەش لە ژمارەی دانیشتووانی ئاوارەکانی نیشتەجێی کامپەکان لە شێخان و فەلوجە تۆمارکرا، کە لەهی یەکەمیان ٣٤٠ کەس و لە هی دووەمیشیان ٨٥ کەس بوون.

هەروەها لە مانگی ئایار تا تەمموزی ٢٠٢١، بە کۆی گشتی ١٠٢,٣٧٢ ئاوارە تۆمارکران کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپدا دەژین، ئەم ژمارەیەش دەکاتە لە ٪٩ی حاڵەتەکانی ئاوارەبوون لەسەرئاستی وڵات. لە نێوان ٣٠ی نیسانی ٢٠٢١ بۆ ٣١ی تەمموزی ٢٠٢١، کەمبوونەوە بە ٢,٢٥٠ کەس لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی شوێنی حەوانەوەیان زۆر خراپە ڕوویداوە لەسەرانسەری وڵات دا. لەسەرئاستی پارێزگاش دا، بەرزترین ژمارەی ئەو ئاوارانەی لە هەلومەرج و گوزەرانێکی زۆر خراپدان دەکەونە پارێزگای دهۆک کە ٢١,٥٨٨ کەسن. کەمبوونەوەیەکی بەرچاو تۆمارکرا لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان بە (-٤,٤٦٤) کەس لە ماوەی مانگی ئازار و نیسانی ٢٠٢١ دا. ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو ئاوارانەشی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپدان دەکەونە پارێزگای ئەنبارەوە بە ٢٠,٨٢٠ کەس، (کە٣٠٦ کەسی لە دوایەمین خول زیاترە). ئەوانەشی هەمان خراپی شوێنی حەوانەیان هەیە لە پارێزگای نەینەوا ٢٠,٠٤٠ کەس، (کە ٤٠٨ کەس لە دوایەمین خول زیاترە)، لە پارێزگای سەڵاح الدین ١٦,٣٥٠ کەسە، (کە ٦٤٨ کەسی لە دوایەمین خول کەمترە) و لە پارێزگای کەرکووکیش ٩,١٧٤ کەسە، (کە ٩٦ کەسی لە دوایەمین خول زیاترە). ئەو قەزایانەشی کە بەرزترین ژمارەی ئەو ئاوارانەی لەخۆگرتووە کە لەشوێنی حەوانەوە و هەلومەرجی زۆر خراپ دا دەژین بریتین لە: سێمێل (١٧,٥٥٠ کەس) لە پارێزگای دهۆک، سەرەڕای نزمبوونەوەیەکی بەرچاو لەوەتەی مانگی ئازار و نیسانی ٢٠٢١ بە (-٣,٤٩٨) کەس. ژمارەیەکی زۆر ئەو ئاوارانەشی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین دەکەونە قەزای فەلوجە بە (١٥,٥٧٦) کەس لە پارێزگای ئەنبار، قەزای ناوەندی کەرکووک بە (٨,٣١٠) کەس لە پارێزگای کەرکووک و قەزای سامەڕا بە (٧,٢٥٤) کەس لە پارێزگای سەڵاح الدین. لەگەڵ ئەوانەشدا، لە سەرانسەری وڵات، بە کۆی گشتی ٨٤ شوێن هەیە کە تیایاندا ئاوارەکان لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپدا دەژین، لەنێویشیان دا بەرزترین ژمارە لە قەزایەکانی فەلوجە بە (١٦ شوێن)، قەزای ناوەندی هەولێر (٥ شوێن) لە پارێزگای هەولێر و شێخان بە (٤ شوێن) لە پارێزگای نەینەوا تۆمارکران.

شێوەی ٢: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە



# خستنەڕوویێکی گشتی گەڕانەوە

ئـەم شـێوە گرافیکـەی خـوارەوە ئەمانـە نیشـاندەدات (١) ژمـارەی گـەڕاوەکان لـە هەمـوو پارێزگاکانـی زێـدی ئـاوارەکان, (٢) ژمـارەی گـەڕاوەکان لـە هـەر ناوچـە و قەزایـەک, (٣) ڕێـژەی گـەڕاوەکان بـە پێـی دواهەمیـن پارێـزگای ئاوارەبـوون بـۆ هـەر پارێزگایەکـی زێـد.

## نەینەوا
١,٩٢٠,٣٦٠ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە
- موسڵ ١,٠٦٣,٢٦٠
- تەلعەفەر ٣٥٩,٩١٦
- حەمدانیە ١٦٩,٩٠٢

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون
- ٪٦٨ نەینەوا
- ٪٩ دهۆک
- ٪١٠ هەولێر
- ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەجەف، کەربەلا، بەغداد، بابل، کەرکووک، واست، سلێمانی، سەلاحەددین، بەسرە، میسان، قادسیە، زیقار، موسەننا، دیالە و ئەنبار دەگرێتەوە

## ئەنبار
١,٥١١,٦٥٨ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە
- ڕەمادی ٦٠١,٠٣٢
- فەللوجە ٥٤١,٩١٤
- هیت ١٧٩,٨١٤

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون
- ٪٤٣ ئەنبار
- ٪٢١ بەغدا
- ٪١٦ هەولێر
- ٪٢٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی کەرکووک، سلێمانی، بابل، سەلاحەددین، دهۆک، کەربەلا، نەینەوا و دیالە دەگرێتەوە

## سەلاحەددین
٧١٥,٧١٠ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە
- تکریت ١٧٥,٣٦٨
- شرگات ١٦٢,٧٩٢
- بێجی ١٢٠,٤٦٢

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون
- ٪٤٧ سەلاحەددین
- ٪٢٥ کەرکووک
- ٪١٥ هەولێر
- ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سلێمانی، بەغداد، دهۆک،بەسرە، کەربەلا، نەجەف، دیالە، میسان، بابل، زیقار و واست دەگرێتەوە

## کەرکووک
٣٥٠,٥٩٨ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە
- حەویجە ١٧٠,٤١٨
- کەرکووک ١٥٥,٣٩٤
- داقوق ١٧,٥٥٠

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون
- ٪٤٥ کەرکووک
- ٪٣٩ سلێمانی
- ٪٩ سەلاحەددین
- ٪٧ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی هەولێر، نەینەوا، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## دیالە
٢٣٨,٨٧٨ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە
- خانەقین ١٠٢,٨٨٢
- خالس ٧٤,٦٣٤
- موقدادیە ٥٩,٨٦٢

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون
- ٪٨٠ دیالە
- ٪٩ سلێمانی
- ٪١١ کەرکووک
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر و کەربەلا دەگرێتەوە

## بەغداد
٩١,٦٣٨ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە
- مەحمودیە ٤٩,٧٥٢
- ئەبوغرێب ٢٣,٤٠٦
- تارمیە ١٠,٧١٦

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون
- ٪٩٠ بەغدا
- ٪٤ بابل
- ٪٥ هەولێر
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سلێمانی، کەربەلا و میسان دەگرێتەوە

## هەولێر
٥٥,٠٠٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە
- مەخمور ٥٥,٠٠٢

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون
- ٪٧٢ هەولێر
- ٪١٥ نەینەوا
- ٪١٠ کەرکووک
- ٪١ سەلاحەددین

## دهۆک
٧٦٨ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە
- زاخۆ ٧٦٨

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون
- ٪١٠٠ دهۆک

# خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوە

## تازەترین ڕەوشی گەڕاوەکان

**کۆی گشتی فیگەر و هێلکارییەکانی گەڕانەوە:** لە ماوەی نێوان ئایار تا تەمموزی ٢٠٢١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) دەستنیشانی ٤,٨٨٤,٦١٢ گەڕاوەی کرد بە کۆی گشتی، کە (٨١٤,١٠٢) خێزانە لە سەرانسەری ٨ پارێزگادا، لە ٣٨ قەزا، لە ٢,١٦٢ شوێن لە عێراق دا. کۆی گشتی ١٧,٥٦٢ گەڕاوەی تازەش تۆمارکران لە ماوەی نێوان مانگی ئایار بۆ مانگی تەمموزی ٢٠٢١. ئەم ژمارەیەش تاڕادەیەک بەرزترە لەو ژمارە گەڕاوە تازانەی کە لە ماوەی خولی پێشووتر تۆمارکرابوو کە ١٥,٢٣٤ گەڕاوەی تازە بۆ لە مانگەکانی ئازار و نیسانی ٢٠٢١ دا. بەڵام لەهەمان کاتیشدا ژمارەی گەڕاوە تازەکانی ئەم خولەی نێوان ئایار و تەمموزی ٢٠٢١ لە ژمارەی گەڕاوە تازەکانی خولەکانی پێشووتر کەمترە بەم شێوەیە: لە خولی ماوەی نێوان مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٢١ دا ژمارە گەڕاوە تازەکان ٢٠,٢٥٠ کەس بوو، لە خولی ماوەی نێوان مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەم ژمارەی گەڕاوە تازەکان ٣٨,٣٦٤ کەس بوو، دەبێت ئەو تێبینیەشمان لەبەرچاو بێت کە ماوەی ئەم دوو خولە کەمتر بووە و هەر خولێکیان تەنیا ماوەی ٢ مانگ بووە. ژمارەی گەڕاوە تازەکان لەم خولەی مانگی ئایار تا تەمموزی ٢٠٢١ یەکێک بووە لە نزمترین ڕێژەکانی گەڕانەوە کە لەوەتەی ساڵی ٢٠١٥ وە تا ئێستا تۆمارکرابێت. ئەم ڕێژە نزمیەی گەڕاوە تازەکانی ئەم خولەش بەشێکی بەهۆی داخستن و یەکخستنی کامپەکان بووە کە زۆربەی لە ماوەی نێوان مانگی ئەیلولی ٢٠٢٠ بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ ئەنجامدران و بەوهۆیەشەوە بەرزبوونەوە لە ڕاددەی گەڕانەوەکان ڕوویدا لەوماوەیەدا.[١،٢]

ئەو پارێزگایانەشی کە بەرزترین ژمارەی گەڕاوەیان هەیە لە کۆی گشتی گەڕاوەکان، بریتین لە: پارێزگای نەینەوا بە (١,٩٢٠,٣٦٠) گەڕاوە، کە ٨,٩٤٦ گەڕاوەی تازەن لەوەتەی دوایەمین خولەوە. ئینجا پارێزگای ئەنبار بە (١,٥١١,٦٥٨ ) گەڕاوە کە ١,٦٦٢ کەسیان گەڕاوەی تازەن لەوەتەی دوایەمین خولەوە، پاشان پارێزگای سەڵاح الدین بە (٧١٥,٧١٠) کەسی گەڕاوە کە ٤,١٩٤ کەسیان گەڕاوەی تازەن لەوەتەی دوایەمین خولەوە. لەماوەی نێوان مانگی ئایار تا تەمموزی ٢٠٢١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بە کۆی گشتی ٦,١٨٦ گەڕاوەی تۆمارکرد کە لە کامپەکانەوە هاتبوون. زۆربەی هەرە زۆری ئەم گەڕاوانەش بۆ پارێزگای نەینەوا گەڕانەوە کە (٤,٣٦٢) گەڕاوە بوون. زۆربەی ئەم گەڕاوانەش گەیشتنەوە قەزای ناوەندی موسڵ کە (٣,٢٧٦) گەڕاوە بوون، هەروەها (٥٧٠) کەسیشیان بۆ شنگال گەڕانەوە و (٣٠٠) کەسیشیان بۆ بەعاج گەڕانەوە. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاویش بۆ پارێزگای سەڵاح الدین گەڕانەوە کە (١,١٦٤) گەڕاوەبوون و زۆربەشیان بۆ قەزای توزخورماتوو گەڕانەوە کە (١,٠٣٢) گەڕاوەبوون. ژمارەیەکی کەمتریش کە لە کامپەکانەوە هاتبوون بۆ پارێزگای هەولێر گەڕانەوە کە (٤٨٠) گەڕاوە بوون و هەرهەموشیان بۆ قەزای مەخمور گەڕانەوە. سەرەڕای ئەم گەڕاوانە، ١٨٠ گەڕاوەی دیکە بۆ پارێزگای ئەنبار گەڕانەوە کە زۆربەی گەڕاوەی قەزای فەلوجە و ژمارەیان (١٥٠) گەڕاوە بوو.

هەروەها، لە ماوەی نێوان مانگی ئایار تا تەمموزی ٢٠٢١ دا، گەڕانەوە بۆ دوو شوێنی قەزای توزخورماتووی پارێزگای سەڵاح الدین هەبووە، کە پێشووتر ئەم دوو شوێنە هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیبوو. جگە لە ئەمانەش، لەم خولەدا، سێ شوێن تۆمارکران کە تا ئەمڕۆ هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیووە، ئەمەش واتە، هیچ خێزانێک کە لەبنەڕەت هی ئەم شوێنانەن نەگەڕاونەتەوە. دوو لەم شوێنانەش لە پارێزگای دیالەن، لە قەزایەکانی خاڵس و خانەقینن، لەوکاتەی شوێنی سێیەم لە قەزای ناوەندی موسڵە لە پارێزگای نەینەوا. هۆیەکانی تۆمارنەکردنی هیچ گەڕانەوەیەکیش بۆ ئەم شوێنانە، تاڕاددەیەکی زۆر پەیوەستە بە نیگەرانیە ئەمنییەکانەوە.

**هێڵکاری و شێوەکان لەسەر ئاستی قەزا:** هەروەکو دوو خولی پێشوو، ناوەندی قەزای موسڵ لە پارێزگای نەینەوا بەرزترین ژمارەی گەڕاوەی هەبووە بە (١,٠٦٣,٢٦٠) گەڕاوە، کە دەکاتە لە ٢٢٪ لە کۆی گشتی گەڕاوەکان. لەم ژمارەیەش ٥,٦٥٨ کەسیان وەکو گەڕاوەی تازە لەم خولە تۆمارکران. هەروەها، قەزای ڕومادی لەپارێزگای ئەنبار دووەم بەرزترین ژمارەی گەڕانەوەی هەیە لەسەر ئاستی قەزا بە (٦٠١,٠٣٢) گەڕاوە کە دەکاتە لە ١٢٪ گەڕاوەکان، لەو ژمارەیەش ٤٣٢ کەسیان وەکو گەڕاوەی تازە لەم خولە تۆمارکران. لەوکاتەی قەزای فەلوجەش لەم هەمان پارێزگا، پارێزگای ئەنبار، ژمارەیەکی زۆر گەڕاوەی هەبووە کە (٥٤١,٩١٤) گەڕاوە بووە کە دەکاتە ١١٪ لە کۆی گشتی گەڕاوەکان، لەم ژمارەیەش ١٥٠ کەسیان وەکو گەڕاوەی تازە لەم خولە تۆمارکران.

بەهەمان شێوەش، ژمارەیەکی زۆریش بۆ قەزای تەلەعفەر لە پارێزگای نەینەوا گەڕانەوە کە (٣٥٩,٩١٦) گەڕاوەن و دەکاتە ٧٪ لە کۆی گشتی گەڕاوەکان، لەو ژمارەیەش ١,٩٨٠ کەسیان وەکو گەڕاوەی تازەی ئەم خولە تۆمارکران. هەروەها، ژمارەیەکی زۆری گەڕاوەش تۆمارکران کە گەیشتنەوە پارێزگای سەڵاح الدین، بۆ قەزای توزخورماتوو (٢,٨٦٢) گەڕاوە، بۆ قەزای خانەقینیش (١,٣٦٢) گەڕاوە. گەڕاوەکانی قەزای شنگال لە پارێزگای نەینەوا (١,٠٤٤) گەڕاوەن و گەڕاوەکانی قەزای قائیم لە پارێزگای ئەنبار (٨٩٤) گەڕاوەن.

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە:** لە ماوەی نێوان مانگی ئایار بۆ تەمموزی ٢٠٢١ دا. زۆربەی هەرە زۆری گەڕاوە تازەکان، کە (٧٧,٤٤٢) گەڕاوەبوون، گەیشتنەوە شوێنی نیشتەجێبوونی زێدی خۆیان. بەم شێوەیەش ژمارەی ئەو کەسە گەڕاوانەی کە شوێنی حەوانەوەی زێدی خۆیان نیشتەجێبوونەوە بووە ٤,٦٨٥,٧٠٠ کەس، کە دەکاتە ٩٦٪ی گەڕاوەکان. لەپاڵ ئەمەشدا، ٣,٩٤٢ گەڕاوەی دیکە گەیشتنە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ و بەمەش ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و هەلومەرجی زۆر خراپدا دەژین بووە ١٨٤,٣٦٨ گەڕاوە، کە دەکاتە لە ٤٪ی کۆی گشتی گەڕاوەکان. لەبەرانبەردا، لەم خولەدا ٦٣,٨٢٢ گەڕاوەی کەمتر دەستنیشانکران کە لە شوێنە نیشتەجێبوونەکانی تایبەت دەژین، بەمەش ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لەم جۆرە شوێنە نیشتەجێبوونیە تایبەتە دەژین بووە ١٤,٥٤٤ کەس، کەدەکاتە لە ١٪ کەمتری گەڕاوەکانی ئەم جۆرە شوێنەی حەوانەوە.

بەرزترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دەژین لە پارێزگای نەینەوان کە (٥٦,٦١٦) گەڕاوەن و دەکاتە لە ٣١٪ی گەڕاوەکانی ئەم جۆرە شوێنەی حەوانەوە، شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپدا دەژین. لەو بەرزترین ژمارەیەش قەزای ناوەندی موسڵ (٣٢,١٩٦) گەڕاوە، قەزای شنگال (٨,١١٢) گەڕاوە و قەزای تەلەعفەر (٦,٢٢٨) گەڕاوەیان هەیە بۆ شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ. لەوەش زیاتر، ٥٢,٣٣٢ گەڕاوەی پارێزگای سەڵاح الدین لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دەژین، کە دەکاتە لە ٢٨٪، ئەم گەڕاوانەش بۆ سەر قەزاکانی بێجی بە (١٥,٠٩٦) گەڕاوە، تکریت بە (١٤,٣٢٨) گەڕاوە و شەرگات بە (٩,١٧٤) گەڕاوە دابەشبوون. هەروەها لە پارێزگای ئەنباریش ژمارەیەکی بەرزی ئەو گەڕاوانە تۆمارکرا کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین کە (٤٢,٠٧٢) گەڕاوەن، دەکاتە لە ٢٣٪ ئەو گەڕاوانەی لەم جۆرە خراپەی شوێنی حەوانەوە دەژین. لەم ژمارەیەش، گەڕاوەکان هی قەزایەکانی فەلوجە بە (١٣,١٣٤) گەڕاوە، ڕومادی بە (١٤,٠٦٤) گەڕاوە و قائیم بە (٩,٦٦٦) گەڕاوە کە لەم جۆرە شوێنە خراپەی حەوانەوە دەژین.

بەتێکڕا، لە ماوەی نێوان مانگی ئایار تا تەمموزی ٢٠٢١ دا، نۆ شوێن دەستنیشانکران کە بە هەموویان (٢,٥٩٢) کەس بوون لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپدا دەژین. ئەمەش نزمبوونەوەیەک نیشاندەدات لەو ژمارەیەی کە لە ماوەی مانگەکانی ئازار و نیسانی ٢٠٢١ دا تۆمارکرابوو، کە (٥,١٣٦) کەس بوون لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپدا دەژیان. لەم نۆ شوێنەی ئەم خولە، سێ لەو شوێنانە لە پارێزگای سەڵاح الدینن کە بە هەر سێ شوێن ٨٥٢ کەس لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپدا دەژین، لەوکاتەی دوو لەو شوێنانە لە پارێزگای ئەنبارن کە بە هەردووکیان ١,١٣٤ کەس لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپدان. هەروەها دوو شوێنیش دەکەوێتە پارێزگای نەینەوا کە بە هەردوو شوێنەکە ٣٢٤ کەس لەم جۆرە شوێنە خراپەی حەوانەوە دەژین، یەک شوێنیش لە پارێزگای کەرکووک بە (١٨٠ کەس) و یەک شوێنیش پارێزگای دیالە بە (١٠٢) کە هەیە لە چوارچێوەی ئەم نۆ شوێنە زۆر خراپەی حەوانەوە کە لەم خولەی ئێستا دەستنیشانکران.

شێوەی ٢: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوەی گەڕاوەکان




١ لەنێوان ئەیلولی ٢٠٢٠ و شباتی ٢٠٢١ دا ، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) چالاکی بەدوا داچوونی فریاکەوتنی پیادەکردووە بەدوا داچوونی بۆ جموجۆڵی ئاوارەکان و شوێنەکانی دیکە دەکات دوای ئەوەی کە ئەو کامپ و شوێنانە دادەخرێن یان یەک دەخرێن. کارەکانیش لەم لینکە بەردەستن: http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Camp

٢ لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە: ئاوارەبوونی درێژخایەن لە عێراق دا: پێداچوونەوە بە پۆلێنکردنی بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە. ئەم ڕاپۆرتە پشتی بە سەرچاوە و داتای لاوەکی بەستووە بۆ دانانی چوارچێوەی کاری پۆلێنکردنی بەربەستەکان و تیشک خستنە سەر ئەو بەربەست و ئاستەنگە جۆراوجۆرانەی کە ڕووبەڕووی ئاوارەکان دەبنەوە لە گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵیان. ڕاپۆرتەکەش لەم لینکە بەردەستە: https://iraq.iom.int/publications/protracted-displacement-iraq-revisiting-categories-return-barriers

نەخشەی ١: هەبوونی ئاوارەکان و گەڕاوەکان



# ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرت

ئامانجی تۆماری بەدواداچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ چاودێریکردنی ئاوارەبوون و خستنەڕووی داتای دروستە دەربارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان لە عێراق دا. داتا لە ڕێگەی تیمەکانی بەدەمەوە هاتنی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs) کۆدەکرێتەوە، کە پێکهاتووە لە زیاتر لە ١٠٠ ستاف و لەسەرانسەری عێراق دا بڵاوبوونەتەوە. داتا کۆکردنەوە بۆ خولی ١١٨ لە ماوەی مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بوو لە سەرانسەری ١٨ پارێزگادا.

داتا لە لیستی سەرەکی ئاوارەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان کۆکراوەتەوە لە ڕێگەی تۆڕێکی دامەزراوی بەرفراوان کە ٩٥٠٠ زانیارییپێدەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، لەوانەش سەرکردەی کۆمەڵگەکان، دەسەڵاتە خۆجێییەکان و هێزە ئەمنییەکان. هەروەها زانیاری دیکەش لە تۆماری داتای حکومەت و ئاژانسە هاوبەشەکان وەرگیراوە.

تیمەکانی بەدەمەوە هاتنی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە بەردەوامی داتای لە لیستی سەرەکی وەرگرتووە و ڕاپۆرتی دوو مانگ جارێکی لێ ئامادەکردووە. هەرچەندە، دەستگەیشتن بە داتا سنووردار بووە بەهۆی کێشە و گرفتە ئەمنییەکان و پرۆسەکانی دیکە سنووردانان کە دەتوانێت کاربکاتە سەر چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. گۆڕانکاری لە شێوە دەرخەرەکانی ئاوارەبوون بە دیدەکرێت لە نێوان ماوە جیاجیاکانی ڕاپۆرتەکان. هەروەها گۆڕانکارییەکانی شێوەدەرخەرەکان لەوانەیە بەهۆی کاریگەری فاکتەرەکانی دیکەوە بێت، وەکو دەستنیشانکردنی بەردەوامی گروپەکانی پێشووتری ئاوارەبووان و تێکەڵکردنی داتای ئاوارەبوونی دووەم لە ناوخۆی عێرق دا.

کەسانی ئاوارەبوو داتایان لە ڕێگەی پرۆسەی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، ڕووپێوکردن و پێوانەکردن و ڕەوایەتی بوون کۆدەکرێتەوە دەستنیشاندەکرێن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە بەردەوامی لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتە خۆجێییەکان دەکات تا بەردەوام لەیەکتێگەیشتنێکی دروست و هاوبەشییان سەبارەت بە ئاوارەبوون لە تەواوی عێراق دا هەبێت.

بۆ کارئاسانیکردنی شیکارکردن، ئەم ڕاپۆرتە عێراقی بەسەر سێ هەرێم دابەشکردووە: هەرێمی کوردستانی عێراق کە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دەگرێتەخۆ، باشور کە پارێزگاکانی بەسرە، میسان، نەجەف، زیقار، قادیسیە و موسەننا دەگرێتەخۆ، ناوەڕاست کە پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغدا، دیالە، کەربەلا، کەرکووك، نەینەوا، سەڵاح الدین و واست لەخۆ دەگرێت.

**حسابکردنی ژمێری بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەسەکان بە کارهاتووە:**

ژمارەی کەسەکان لە ڕێگە لێکدان بە ٦ بۆ ژمارەی خێزان کراوە، کە ئەمەش ژمارەی تێکڕای هەر خێزانێکی عێراقیە بە پێی ئاماری حکومەت، ئەم حسابکردنەش بۆ هەموو ئاوارەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کامپەکان بووە. لەوەتەی ماوەی مانگەکانی تەمموز و ئابی ٢٠٢٠وە (خولی ١١٧)، ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ٥ بۆ هەر خێزانێک حسابکراوە، کە ئەم داتایە هاوتایە بە قەبارەی خێزانی بە پێی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ وە. بۆ دروسترین و نوێترین زانیاری ئاوارەکانی دەرەوەی کامپ، تکایە بڕوانە وێبسایتی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ: CCCM Cluster

لە هەموو لیستە سەرەکیەکانی خولەکانی پێش (١١٧) لە (تەمموز و ئابی ٢٠٢٠) دا، ژمارەی ئاوارەکانی ناو کامپ بە لێکدان لە ٦ بۆ هەر خێزانێک حسابدەکرا، لەبەرئەوەی حسابکردنەکە جێگیرە لە نێوان خولەکانی ١١٧ بۆ ١٢٠، شیکارکردنی بەراوردکاری لە نێوان ئەم چوار خولی داتایە هیچ کاریگەری نابێت. هەرچەند، دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە بەراوردکردنی ژمارەی ئاوارەکانی ناو کامپەکان لە نێوان خولەکانی ١١٧ بۆ ١٢٠ بە هەریەکێک لە خولەکانی پێشووتر، کاریگەری دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەی لە پێداچوونەی شێوازی حسابکردن لە ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکەوە دەکرێت.

**ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکە ئەم پێناسانە بەکاردێنێت:**

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون هەموو ئەو کەسانە بە ئاوارەی ناوخۆی هەژماردەکات کە ناچار بە جێهێشتن کراون لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە بەدواوە و تا ساتی ئەم هەڵسەنگاندنەش لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە ئاوارەی ناوخۆن.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) هەموو ئەو کەسانەی کە لە وەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤قوە ئاوارەبوون و دەگەڕێنەوە بە گەڕاوە هەژماردەکات کە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کەلێی بوون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو گەڕاوانە گەڕاونەتەوە هەمان شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەی خۆیان یان جۆرێکی دیکەی شوێنی حەوانەوە. پێناسەی گەڕاوەکان نە پەیوەندی بە پێوەرەکانی گەڕانەوە بە سەلامەتی و بە شکۆوە هەیە، نە پەیوەندیشی بە ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەییە پێناسەکراوەکانەوە هەیە. شوێنیش وەها پێناسەکراوە کە هاوتا بێت بە گوندێک یان ناوچەیەکی لادێی یان گەڕەکێک لە ناوچە شارییەکان (بەمانایەکی دیکە، چوارەم دابەشبوونی فەرمی کارگێڕی).

### گۆڕانکارییەکانی زاراوەکانی شوێنی حەوانەوە لە لیستی سەرەکی خولی ١٢٢:

لەم خولەدا، گۆڕانکاری لە زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوەدا کراوە، ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە ئاوارەکان و گەڕاوەکانیش تیایاندا دەژین، ئەمەش لە هەموو کارەکانی لیستی سەرەکی خولی ١٢٢ ڕەنگی داوەتەوە. گۆڕانکارییەکانیش بۆ خۆگونجاندن بووە تاوەکو بەرچاوڕوونیەکی زیاتر هەبێت لەسەر ئەو زاراوانەی کە بۆ جۆرەکانی شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ بەکاردێن، جیاوازبن لە جۆرەکانی شوێنی ئاوارەبوون. دڵنیاش بووینەتەوە لە ڕێکخستن و گونجان لەگەڵ دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لە عێراق بۆ هەبوونی تێبینی تەکنیکی لەسەر پێناسەی شوێنە نافەرمییەکان لە عێراق دا (ئەیلولی ٢٠٢٠)[٣]. هەربۆیە، شیکارکردنی بەراوردکاریانە لە نێوان لەم خولە (١٢٢) و خولەکانی پێشووتر پەیوەست بە ژمارەی ئەو ئاوارە و گەڕاوانەی کە لە جۆرە جیاوازەکانی شوێنی حەوانەوەدا دەژین، دەکەوێتە ژێر ڕکێف و کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە.هەروەها گۆڕانکارییەکانی دیکەی ئەم خولە لەخوارەوە وردەکارییەکەی خراوەتەڕوو:

٣ تێبینی تەکنیکی لێرە بەردەستە:
https://www.humanitarianresponse.info/en/operations/iraq/document/cccm-cluster-technical-note-informal-sites-definition-iraq-sep20%2020-

**گۆڕانکارییەکانی جۆرەکانی ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە ئاوارەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەوە:**

- ”نیشتەجێبوونە نافەرمییەکان“ گۆڕدراوە بۆ ”خێمە، کارەڤان،خانووی سەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروستکراو“
- ”پێکهاتە نانیشتەجێییەکان“ گۆڕدراوە بۆ ”شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپی دیکە“
- ”شوێنی حەوانەوەی بەکۆمەڵ“ گۆڕدراوە بۆ ”بینایە گشتییەکان یان شوێنی حەوانەوەی بە کۆمەڵ“

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆ:**

- ”نیشتەجێبوونی ئاسایی“ گۆڕدراوە بۆ  ”نیشتەجێبوون لە زێد“
- ”کرێ“ لابردراوە

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا ئاوارەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆر:**

- ”کرێ“ گۆڕداروە بۆ ”شوققە یان خانوو (هی خۆی نییە)“

پوختەیەک لەسەر جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە لەم ڕاپۆرتەدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێدراوە. نیشتەجێبوون لە زێد هەمان ئەو شوێنە کە گەڕاوەکان بەر لە ئاوارەبوونیان لێی ژیاون. ئەو شوێنە حەوانەوانەی لە هەلومەرجێکی دژوار و خراپدان، نیشتەجێبوونی زێد (بۆ نیشتەجێبوون ناشێت)، خێمە، کارەڤان، شوێنی حەوانەوەی سەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروستکراو، بینای تەواونەکراو و جێهێڵدراو، بینایە گشتییەکان، شوێنی حەوانەوەی بە کۆمەڵ، بینا ئاینییەکان و بینای قوتابخانەکان. بۆ ئاوارەکانیش، ئەو شوێنە حەوانەوانەی لە هەلومەرجێکی دژوار و خراپدان هەمان ئەو شوێنە حەوانەوانەی گەڕاوەکان دەگرێتەوە، جگە لە نیشتەجێبوون لە زێد ناگرێتەوە، هەروەها خانوو و شوققەش ناگرێتەوە کە هی خۆیان نین یان بۆ ژیان ناشێن.

## ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی پۆرتاڵی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون دەرئەنجامی ئەو داتایە یە کە لەلایەن تیمە مەیدانییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە کۆکراوەتە و زانیارییەکانی حکومەت و لایەنەکانی دیکە لە عێراق تەواودەکات. دەبێت ئاڵنگارییەکان لەبەرچاو بگیرێن کاتێک داتاکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی لە عێراق بەکاردێن، لەوانەش ناجێگیری جموجۆڵی ئاوارەکان هاوکات لەگەڵ ڕەوشە تەنگەتاویە لەناکاوییەکان و سنووردارنوونی دەستگەیشتن بە بەشێکی زۆری وڵات. لە هیچ بارێکدا، ڕێخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بەرپرس نابێت بۆ هیچ زەرەر و زیانێک، جا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان دەرئەنجامیی بێت، یان پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە بێت لێرەوە خراونەتەڕوو. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵدادەت  کە ئەوەندەی بکرێت ئەو زانیاریانە بە دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش بۆ تەواوەتی و ورد و دروستی و گونجاویەتی ئەو زانیاریانەی نێو ئەم ڕاپۆرتە ناکات- بەدەربڕین بێت یان بەواگەیاندنبێت.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بکە بە تیمەکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq

UN MIGRATION

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سوپاسی نووسینگەی کۆچ و پەنابەران و دانیشتوان (PRM) ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکانی. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سوپاسی خۆی ئاڕاستەی ئەندامانی تیمەکانی بەدەممەوە هاتنی خێرا و هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق دا دەکات بۆ ئەو کارەی دەیکەن لە کۆکردنەوەی داتا، کە زۆرجار لە هەلومەرجی زۆر دژوار ئەو کارە دەکەن، هەوڵ وکۆششە ماندوونەناسەکانیان بنچینەی ئەم ڕاپۆرتەیە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢١

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن،  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.